# ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

# بکوژانی سارا جەعفەر بە سزای یاساییان بگەیەنێت!!

هەوالی کوشتنی کیژۆلەیەکی تەمەن 11 سال بەناوی سارا جەعفەر لەشاری خانەقین لە شەوی 2-3-2007 دا بەوپەری درندانە و وەحشی گەریەوە، ویژدانی هیچ ئینسانی نیە کەنەهاژێ و نەکەویتە هەلچوون و دەربرینی رق و تورەییەوە بەرامبەر بەئەنجامدارانی ئەم تاوانەو دەسەلاتێك کەکارفەرمایە بەسەر ژیانی خەلکەوە. ئەم رووداوە بەوشیوەیەی کەروویداوە، سادەنییە بۆهەرئینسانیك کەهەوالەکەی ببیستی وببیینێ. کاتیك روخساری شیرینی ئەم کیژۆلەیەو هەموو حەزو ئارەزوە ناسکەکانی ئەم مندالە بەوشیوە نامرۆژانە بەمەرگێکی ئاوا دەسپیردری، ئیتر جێگایەك بۆ لەئارادابوونی دەسەلات و نەزم و نیزامێك ناهلیتەوە، کەئەرکی خۆی بەپاراستن و سەلماندنی سەرەتاییترین ماف و سەلامەتی گیانی منالانی کوردستان دانابیت. بەتایبەتی کەمەرگی سارا یەك جارنەبوە. سارا دوای ئەوەی هەموو گیانی بە چەرغ سوتێنراوەوپاشان خینکیندراوە و ئینجا سەریشی بەبەرد تەقینراوە. بەراستی ئەوە چ کۆمەلگایەکە کە کارەساتی ئەوا لەخۆی دەگری! و چ ویژدانێکیش ئەتوانی تەحەمولی ئەم تراژیدیایە بکات! دەبێ تاوانی مندالێکی 11 سال چی بیت تابەم دەردەی بەرن، یان ئەوانەی ئەم تاوانەیان خولقاندووە، دەبی چ جۆرە ئینسانێك بن!.
بەلام سارا یەکەم مندال نی یە کەبەم شێوە درندەیە دەکوژری! هیشتا تراجیدیای مەگی ئامینەی 12 سال بەدەستی باوکی لە 5- ئایاری ئەمسال لەبەردەم وەزارەتی مافی مرۆڤ لەهەولێر بیرنەچۆتەوە، هەربۆیە هەوالی کوشتنی سارای کیژۆلە، دەچیتە نیولیستی ئەو دەیان بگرە سەدان منالە بیتاوانەدا کەلەماوەی 16 سالی ژێر دەسەلاتی یەکیتی و پارتی و هاوپەیمانە ئیسلامیەیەکانیادا بوونەتە بابەتی کارەساتی هاوشیوەی سارا وئامینە. بیشك رووداوی سارا لەنیو خیزان و بەدەستی نزیکترین کەسانیەوە روویداوە، بەلام هۆی چیە کە خیزان دەبیتە چوارچیوەی لەخۆگرتنی ئەم جۆرە تاوانەنانە؟ ئەگەر سەرنجیکی خیزا بدەینە جیگاوشوینی منالانو ژنان لەژیرسایەی دەسەلاتدارانی ئیستای کوردستاندا، بەرووشنی شەپۆلێکی توندوتیژی فراوانی کۆمەلایەتی دەبیین کە رووی لەمنالان و ژنانە و ئەمەش لەریگای دەسەلات و میکانیزمەکانی خۆسەپاندنەوە بەسەر ژیانی خەلکدا بەریوەدەبری. ئەوە منالانن کەلەنێو قوتابخانەکاندا بەدار ولیدان و هەلواسین سزایان دەدری، بەزۆر حیجاب دەکرین، لەپۆلەکاندا جیادەکرینەوە، هەردەزگایەکی راگەیاندنی سەربەحیزبەکان وحکومەتی هەریم ببینینت، پرەلە بۆچوون و فەرهەنگی باوکسالاری و گەورەسالاری و پیاوسالاری وهەولدان بۆ بارهینانی خیزانەکان بەم فەرهەنگە دواکەوتوو دژی ئینسانیانە. تەنانەت هەرکەس چاو لەسیستەمی پەروەردەو فیرکردن و رەشنوسیکی پیشنیارکراوی دەستوری هەریم بکات دەبینی کە چون ژیانی منالان و ژنانی کوردستان سپیردراوە بەپیوانەی ئاینی ئیسلام و چون تا چ ئاستێکی گەورە دەستی باوکسالاری و پیاوسالاری گەیاندۆتە ژیانی منالان و خیزانەکان و رۆلی سەرەکی پیدراوە تا خیزان ببێتە زیندانێك بۆژنان و منالان. بەرادەی ئەوەی کە تەوهین و لیدان و سەرکۆنەکردنی منالان لەخیزاندا بۆتە یەك عادەتی سات لەدوای ساتی گەورەکان، لەپیشیانەوە دایکان و باوکان. بەم شیوەیە ئەوەدەسەلاتدارنی کوردستانە کە بەرپرسیاریتی رووداوی کوشتنی سارایان لەئەستۆیە و ئەوان بەرپرسیاریتی یەکەمن لە سەلامەتی وژیانی منالانی کوردستاندا. ئەم تاوانانە دەرهەق بەمندالانی کوردستان بەتایبەتی کچان بەهیچ پێوەرو بەهیچ بیانویەن قابیلی قبولنییە... ئەوەی وادەکات ئەم تاوانە دژی ئینسانیە دوبارەو دە بارە ببێتەوە لەپیش هەموشتیکەوە نەبونی لێپرسینەوە و بەرپرسیاریتی نیشاندانی دەسەلادارانە لەبەرامبەر ژیان و سەلامەتی گیانی منالانی کوردستان و بەسزانەگەیاندنی هەموو ئەو کەسانەی کە توندوتیژی و تاوان دەرهەق بەمنالان وژنان ئەنجام دەدەن. ئەمە لەکاتیکدایە کە رۆژانە سەرانی دەلاسەتاری کوردستان بەلیشاو باس لەسەروەری یاساو گەرانەوە بۆ یاسا ومافی مرۆڤ دەکەن. کەچی لەولاشەوە تاوانباران ئازادن، وەیا لەریگای سولحی عەشایری و "دەزگای کاروباری کۆمەلایەتی" سەربەحیزبەکانەوە تاوانەکان دیزەبەدەرخونەدەکەن و تاوانبارانیش لەدەست سزاو لیپرسینەوە قوتاردەکەن. ئەمەیە کە وادەکات چەقۆی پیاوسالاری وباوکسالاری و کۆنەپەرستی دەستی درندەئامیزیان رۆژانە بگاتە جەستەو ژیانی ژنان و کچان و مندالانی کۆمەلگا و قوربانیەکانی لە ئامینەو سارا وەرگری کە هیشتا گولێکی تازە پشکتون.
ژیان وسەلامەتی مندالانی کوردستان لەئەستۆی دەسەلاتدرانی کوردستاندایە، دەبی هەموو خەلکی کوردستان، ریکخراو نیهادە ئینسانی ومرۆژدۆستەکان، کەمپینەکانی ژنان، لەسەر رووداوی کوشتنی سارا، یەخەی دەسەلاتدران بگرن و فشاربهینین تا ریگاچارەی بنبرکردنی ئەم جۆرە تاوانانە بەسەر دەسەلاتدا بسەپینن. ئێمە وەك ریکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان لەریزی پیشەوەی هەرهەول و خەباتیکداین بۆ باشکردنی ژیانی منالان و ژنانی کوردستان و لەبەرامبەر رووداوی کوشتنی ساراشدا داوادەکەین:

- کەدەست بەجێ بەدوای تاوانبارانی ئەم تاوانە دەستگیر بکەن وبەکۆمەلگای ئاشکرابکەن و لەدادگایی ئاشکرادا بەسزایی خۆیانیان بگەیەنن، تاببیتە دەرس و جارێکی تر هیچ کەس نەتوانی هیچ جۆرە توندو تیژیەك دەهەق بەمندالان بکات
- دەبی سیستەمی پەروەردەو فیرکردن لەکوردستان بەتەواوی لە بنەمایی ئاینی و نەتەوەیی و رەگەزی پاککریتەوە و لەجیگەیدا، یاسایەکی مودیرن و ئینسانی وسکولار جیگربکری، کە تەواوی ماف و پیویستیەیەکانی مندالانی کوردستان بەپێوانەی ئیستانداریکی جیهانی بەرەسمی بەریوەببرێ.
- ودەسەلاتداران لەکوردستان بەرپرسیاری ژیانیکی ئاسوودەو دابینکردنی ئاستیکی بالای خزمەتگوزارین لەهەموو بوارەکۆمەلایەتیەیکاندا بۆمنالانی کوردستان و بۆئەمەش دەبی بودجەی تایبەتی بخریتە ئیختیبارەوە.

2007-8-10

**ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان لە بەریتانیا**

07748851125

sawsansalim@yahoo.com